کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-1-2007 19:10 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تەنز .. پانۆرامای 24 ... ستیڤان شەمزینانی

## هاوکێشەی کیمیایی

-فایل + تەکەتول + فێڵ و تەڵەکە + گەندەڵی = وەزیریی.
-دزی + درۆزنی + داوێن پیسی + پارەپەرستی = پیاوچاکی.
-ڕاستگۆیی + دڵسۆزیی + لێبوردەیی + دڵپاکی = تلیسانەوە و تیاچوون.
-چەنەبازیی + ماستاوکردن + پیاهەڵوتن + بی فەرهەنگی = ڕاوێژکاریی.
-ڕاپۆرت نووسین + چاودێریی کردن + حیزبایەتی تەسك + سەرکردەپەرستی = نیشتمانپەروەریی.
-بی هەڵوێستی + خۆبەکەمزانین + دەست بەکڵاوەگرتن + پەت پەتێن = سیاسەتمەداریی.
-جوان بیرکردنەوە + توانا + بڕوانامە + ئەزموون = بێکاریی.
-بی کارەبایی + بی ئاوی + بی سوتەمەنی + بی خزمەتگوزاریی = ژیانی کوردستان.

## چەند ئیمەلێکی نهێنی

-سلاووڕێز، بەرپرسێکی کورد لەیاریدا تەنیا دۆمینە دەزانی و شەوی دەفتەرێکیش بە ئەزنیف دەدۆڕێنی.
-پاش سلاو، ئاگاتان لەوەیە سەرۆکی حیزبێك شەش پاسی هەیەو سایەقەکانی گیریان خواردووە بەدەستییەوە.
-سەلام، بەرپرسێکی کورد ژنە تازەکەی و کچەزاکەی هاوپۆلی یەکتربوون لەقوتابخانەی........
-ڕێزم بۆتان هەیە، ئایا دەزانی کادرێکی خەتی ئەملا بەسی دۆلار دەنگی بەولاداوە؟
-ئێوارە باش، ناکری ناوی ئەو بەرپرسەم بدەیتی کە بەقامچی لەپاسەوانەکانی دەدات.
-سلاوتان لێبێ، هەڤاڵ.....بەسی دەفتەر دۆلار تەنازولی کرد لەخۆپالاوتن.
-ڕێزتان هەیە، مەسئولێکی دیموکراتخواز هەیە بەنووسەری مالپەڕەکان دەڵی لۆتی و شایەر.
-ئەم کاتەت شاد، کوری هەڤاڵ......حەوت مۆنیکای هەیە و هەر دانەیەکیان بۆ ڕۆژێکە لە هەفتەکەدا.

## منیش حکومەتم

-شۆفێرەکەمان وتی: منیش حکومەتم، ئەگەر خەڵك داوای کارەبایان کرد دەڵێم ئاو نییە، خۆ ئەگەر داوای ئاویان کرد دەڵێم کارەبا نییە.
-شێتەکەی سەر شەقامی سالم دەڵی منیش حکومەتم، ئەگەر داوای ئازادیتان کرد، دەڵێم وەزعەکەی ناسکە.
-باخەوانی باخچەکەی ئەوبەرمان دەڵی منیش حکومەتم ئەگەر ڕێپێوانیان لێکردم گوللەیان پێوە دەنێم.
-شاگردی چێشتخانەکە وتی من حکومەتم، ئەگەر وتیان برسیمانە و نانمان نییە دەڵێم پەلە مەکەن جاری کابانەکەمان لەماڵ نییە.
-دراوسێکەمان دەڵی من حکومەتم، ئەگەر داوای موچە و بیمەیان لێکردم، منیش باسی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە و کێشەکانی نێوانیان بۆ دەکەم.
-کورێکی پورم هەیە دەڵی منیش حکومەتم، ئەگەر تورەیی خەڵك پڕبوو من بەنوکتە شۆخی و بەڵێن ساردییان دەکەمەوە.


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بلاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.

-ئامۆزای هاوسەرەکەم دەڵی منیش حکومەتم، ئەگەر زانیم خەڵك لێم ڕادەپەڕن دوو تەنکەر وێسکی دەکەمە ئاوەکەی دوکانەوە (گەل سەرخۆش دەکەم) .

شایەتحاڵەکانی ئەنفال

-ئەو کەسەی منی ئەنفال کرد ئێستا چوار موچەی حازرو سیانی خانەنشینی هەیە.
-ئەو جاشەی کەسوکاری ئەنفال کردم ئێستا نامەی لەهەموو کوردستاندا ڕەت ناکرێتەوە.
-ئەو موستەشارەی میمکزاکانی ئەنفال کردم ئێستا لەسویسرە لێپرساوێکی ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤە.
-ئەو سەرەك جاشەی گوندی ئێمەی ئەنفال کرد ئێستا چوار مۆنیکا حیمایەی هەیە.
-ئەو فورسانە شوجاعەی ئەنفالی کردین خەریکە دەبێتە وەزیر و شتی وا.
-ئەو جاشولکەیەی ماڵمانی کاولکرد ئێستا پاڵەوانی ناو حەلەبەی حیزبە.
-ئەو موقاتیلە قارەمانەی گوندەکەمانی گواستەوە بۆ نوگرەسەلمان و عەرعەر ئێستا ۆرك شۆپ بۆ کوردایەتی دەکاتەوە.
-ئەو ڕەزا قورسەی سیمبۆلی ئەنفالە ئێستا پێشوازیی لەکەسوکاری ئەنفالکراوان دەکات و لەداواکانیان دەکۆڵێتەوە.
-ئەو کەسەی مێژووی پڕ لەئازارمان یادداشت دەکات خەریکە هەر کورد خۆی دەیکوژێ چونکە مێژووی گەلەکەمانی ناشیرین کردووە!!!!!!!.

پرسیار و دیاری

-هەر کەسێك بزانێت ئەو کوردە کێ بوو بەیەکەم گەندەڵی حکومەتی عێراق لەقەڵەمدرا، ئۆپلێکی ڤیکترای پێشکەش دەکەین.
-هەر کەسێك بزانی ئەو بەرپرسە کێیە شەوی دوو ناسکۆڵەی عەرەبی بۆ لەپەردە دەنێن، سەلاجەیەکی چواردە قەدەمی پێشکەش بێت.
-هەر کەسێك شەش جیاوازیی بەعس و حیزبی کوردیی بژمێرێت جلشۆرێکی نایاب حاسڵ دەکات.
-هەر کەسێك بزانی ئەو عەقیدە کێیە کە هیچ خوێندەوارییەکی نییە، گسکێکی کارەبایی پێشکەش دەکرێت.
-هەر کەسێك ئەو مامۆستایە بناسێتەوە کە پەیمانگای تەواوکردووە و مامۆستای زانکۆیە ئوتوویەك دەباتەوە بۆماڵ.
-هەر کەسێك بزانی ئەو گۆرانیبێژە کێیە مانگی دەفتەرێك نەسریەی هەیە، سپلێتێکی دوو تەنی حەلاڵ دەکات.
-هەر کەسێك بزانی ئەو کۆنە تەوارییە کێیە، ئێستا باسی دیموکراسی دەکات هیتەرێکی نوێی پێدەدەین.
-هەر کەسێك ناوی ئەو وەزیرە بزانی کە دەعوەتەکەی پێرێی دەفتەرو نیوێکی تێچوو دە وەرەقەی نۆش بی.
*تکایە بەکورتەنامە وەڵامەکان بنێرن و چاوەڕێی تیروپشکی خەڵاتەکانیش بن.

Shamzini79@hotmail. com


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.